# یەکەم گۆرانی

## هۆنراوەی شالاو

من هۆنراوەیەکم بۆت  نووسی
ووشەکان وەکو چاوت
سەوز ڕووان
ئەوسا خەویان لێ دەباری چاوەکانت
ووشەکانێش هێدی هێدی
سەنگەریان گرت
لەسەر کانی لێوەکانت
شیعرێکم بۆ پەرچەمی تۆ
کرد بە بەیداخ
ئەویش لە نێو شۆستەکانی
شەقامی شار
گوڵیان گرت وببون بە باخ
هەرچی دانیشتووی شار هەیە
هاتنە دیار بالآی شیعری ئەرخەوانی
بۆ بەیانی
لە کەناڵی ڕادیۆیەکی ناوەخۆدا
ووشەکانم
تێکەڵ ببون بە گوڵە باخ
لەگەڵ یەکەم بەرنامەدا هاتنە خوارێ و
ببون بە یەکەم گۆرانی ...